# هەوڵەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان

22-05-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** وەزارەتی نەوتی عێراق بە دوو نامە و لە دوو رێگەی جیاوازەوە لەم مانگەدا هەوڵەکانی بۆ دەستبەسەراگرتن و دوورخستنەوەی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز لە مامەڵکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان خستووەتەگەڕ

## بەرایی

وەزارەتی نەوتی عێراق بە دوو نامە و لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە لەم مانگەدا هەوڵەکانی بۆ دەستبەسەراگرتن و دوورخستنەوەی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز لە مامەڵکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان خستووەتەگەڕ، یەکەمیان لەرێگەی ناردنی نامەیەکەوە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، کە بچن راستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیای سۆمۆ مامەڵە بکەن و دووەمیش لەرێگەی دامەزراوەیەکی راوێژکاریی یاسایی بەناوی کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن کە پەیوەندی بە کۆمپانیاکانەوە بکەن کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و ڕێگەی نوێ بۆ مامەڵکردن لەگەڵ بەغدا بدۆزنەوە[1]، تاوەکو ئەم پەنابردنە بۆ ئەم دامەزراوە یاساییە نێودەوڵەتییە لەڕاستیدا شتەکان ئاسایی بوون و لەچوارچێوەیەکی سیاسی و بگرە خواستی ئێستای بەغدا بەهۆی دابەشبوونی کورد و شیعەوە پەیوەست بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ لێکدەدرایەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی ئەمجارە و پەنابردن بۆ دامەزراوەیەکی وەک کلیری گۆتلیب جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن، چونکە دوو مەترسی لە پشتی ئەم پەنابردنەوەیە کە لێرەدا هەوڵدەدەین روونی بکەینەوە.

## هەوڵەکانی عێراق بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان

سەرەتای هەوڵەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دوای بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی، کاتێک لە 14ی شوبات ئەمساڵدا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە "نادەستووری" لەقەڵەمدا، هەرچەندە کاردانەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بە هەر چوار سەرۆکایەتییەکەشەوە بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام وادیارە هەوڵێکی بێوچان و لەرێگەی جیاوازەوە لە 16ی شوباتەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە هەیە، بەڵام وادیارە بە دانوساندن یاخود بە دەرکردنی بڕیار و تاقیکردنەوەی رێگەی جیاواز نەتوانراوە بڕیارەکە جێبەجێبکرێت، ئەمەش ئەوەمان بیردەخاتە بەکارنەهێنانی شێوازی دیکە لەلایەن بەغداوە بۆ لاوازی دەسەڵاتی نیوخۆی لە بەغدا دەگەڕێتەوە، ئەگینا پەنابردن بۆ دامەزراوەیەکی یاسایی وەک کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن دەرخەری ئەم راستییە.

**خشتەی 1: کرۆنۆلۆجی هەوڵەکانی بەغدا بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان**

| ڕۆژ | ناونیشان بەیاننامە و بڕیارەکان | لەلایەن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| **15ی شوبات 2022** | یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان 'نادەستوورییە[2] | دادگای فیدراڵیی عێراق | بڕیارەکە سیاسی لێکدراویەوە |
| **24ی ئادار 2022** | نوسراوێکی چوارخاڵی بەناونیشانی "جێبەجێکردنی بڕیار" ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کرد | وەزارەتی نەوتی عێراق | |
| **29ی ئادار 2022** | وۆرکشۆپی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ تاوتویکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت لە هەرێمی کوردستان[3] | | |
| **2ی نیسان 2022** | پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەسەر مێزی گفتوگۆی نێوان وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق[4] | وەزارەتی نەوتی عێراق | |
| **7ی نیسان 2022** | گرێبەستی خزمەتگوزاری و هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێناندا گفتوگۆی نێوان وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق[5] | وەزارەتی نەوتی عێراق | |
| **11ی نیسان 2022** | کۆبوونەوەی هەولێر و بەغدا، جەختکردنەوە وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر گرنگی پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکان و دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی لە هەولێر[6] | وەزارەتی نەوتی عێراق | هەردوولا بە ئیجابی وەسفی کۆبوونەوەکەیان کرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **28ی نیسان 2022** | چوارەم کۆبوونەوەی وەزارەتی نەوت وگرنگترین خاڵەکانی گوتارەکەی وەزیری نەوتی عێراق، نرخی بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان تێچووی 50% فرۆشتنەکەیەتی.<br>داهاتی نەوتی فرۆشراو لە هەرێم لە 50% بەهای نەوتی فرۆشراو تێناپەڕێت[7] | وەزارەتی نەوتی عێراق | |
| **7ی ئایار 2022** | وەزارەتی نەوت بەرەو جێبەجێکردنی دەقی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵیی دەچێت[8] | وەزیری نەوتی عێراق | |
| **12ی ئایار 2022** | کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی ـ بەشی گرێبەستەکانی نەوت و مۆڵەتەکان. شیکاریی گرێبەستی تێچوو بۆ گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان[9] | وەزیری نەوتی عێراق | |
| **15ی ئایار 2022** | بەیاننامەی کۆمپانیای نەوتی باکوور و دەستبەسەراگرتنی کێڵگەی نەوتی کەرکوک لەلایەن هەرێمی کوردستان | کۆمپانیای نەوتی باکوور | |
| **19-5-2022** | ناردنی نامە بۆ کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان[10] | وەزارەتی نەوتی عێراق | |

## مەترسییەکانی پشت پەنابردن بۆ کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن چین؟

ڕاسپاردنی کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە مەترسییەکی گەورە دەخاتە بەردەم کارکردنی هاوبەشی هەولێر و بەغدا، چونکە کارکردنی کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری یاسایی بۆ مامەڵکردن لەگەڵ کۆمپانیاکان بەبێ هەرێمی کوردستان هیچ مانایەک بۆ کارکردنی پێکەوەیی ناهێڵێتەوە و کیشەکان لەئاستێکی نێوخۆییەوە دەباتە ئاستێکی نێودەوڵەتی، هەر ئەمەش بەغدا کە زانیویەتە دەسەڵاتەکانی بەشی ئەوەناکات کە بڕیارەکە جێبەجێبکات، بەتایبەت لەدۆخێکی لەم شێوەیەدا! بۆیە کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن ڕادەسپیرێت، کە بەدڵنیاییەوە لە ماوەی کورتخایەن و درێژخایەن دا لێکەوتەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە و لێرەدا بەکورتی لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەبێت:

- زیادبوونی بێ متمانەی و دوورکەوتنەوە لەبەڕێوەبردنی هاوبەشی نەوت و گاز
- زیادبوونی تێچووی کیشەکان بەتایبەتیش ڕاسپاردنی دامەزراوەیەکی یاسای وەک کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن لەسەر عێراق، کە لەوانەش هەرێمی کوردستان پەنا بۆ دامەزراوە و دادگای دیکەی نێودەوڵەتی ببات.
- دواخستنی کارەکانی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان
- قورسکردن یاخود زەحمەتکردنی کاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، کە هەندێکیان هەم لە هەولێر و هەم لە بەغدا کار دەکەن.
- زیادبوونی خەرجییەکانی پاراستنی کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی زیادبوونی مەترسییەکانەوە.
- گۆڕینی گرێبەستە نەوتییەکان لەکاتێکدا پرسی دیکەی وەک قەرز لەنێوان کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.
- زیادبوونی گرژییەکان لەئاستی سیاسی و نەتەوەیشەوە، لەکاتێکدا عێراق بەقۆناخێکی سەخت لەرووی کەشوهەوا و هەژاری و پێکهێنانی حکومەتدا تێدەپەڕێت.

## کۆتایی

لەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی و بەیاننامە و بڕیارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بە گەمەیەکی سیاسی لێکدەدرایەوە، بەڵام لەدوای پەنابردن بۆ کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن، هەرێمی کوردستان مەترسییەکانی بەجیددی وەرگرتووە و بەشێوەیەک کە دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێمی کودستان لەیەک نزیک کردەوە، هەربۆیەش لەڕاستیدا پرسی یەکلاکردنەوەی کیشەکان لەڕێگەی کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن وا لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە مامەڵە یاساییەکانیان پێش کارکردنیان بخەن، چونکە ئەمجارە ڕێکارەکان نێوخۆیی و تەنیا لە عێراق نابێت بگرە لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا دەبێت.

ئەو نامەیەی کە 19ی ئایار ناوەڕۆکەکەی ئاشکرابووە و وەزارەتی نەوتی عێراق چ ئەوەی کە خۆی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی ناردووە و چ ئەوەی لەڕێگەی کلیری گۆتیب ستین و هامیلتۆن یەک ناوەڕۆک بووە، مامەڵکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، لەکاتێکدا وەزارەتی نەوتی عێراق بڕیاری دانانی کۆمپانیایەکی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان لە هەولێر داوە لە بڕیارەکانی پێشوودا دەرکردووە، کەواتە ئەم دوو ڕێگە جیاوازە، یەک ئامانجی لە پشتەوەیەوە و کە هەمان ئامانجی عێراقییەکان لەسەرەتای درووستبوونەوەی عێراق، بەڵام گۆڕانکاری و کیشە نیوخۆییەکان ڕێگربووە لە جێبەجێکردنیان نەوەکو بڕوابوون بە کارکردنی هاوبەش و بنیاتنانەوەی هەموو عێراق بەیەکەوە.

لەکۆتایشدا، ئێستا پێش ئەوەی خەرجییەکان لەسەر هەولێر و بەغدا زیاتر بێت و گرژییەکان بەرەو هەڵکشانی زیاتر بڕوات، ئەوا پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکان دا و گرتنەبەری ڕێگای دانوساندن باشترین بژاردەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە پابەندکردنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان لەرووی یاساییەوە لەلایەن بەغداوە دەبێتە قۆناخێکی نوێ، چونکە چیدیکە مانا بۆ کارکردنی هاوبەش و بنیاتنانەوەی عێراق بەیەکەوە نامێنێت.

سەرچاوەکان


[1] https://financialpost.com/pmn/business-pmn/iraq-bids-to-control-kurdistan-oil-revenue-with-contract-switch-2

[2] https://oil.gov.iq/?page=886

[3] https://oil.gov.iq/?page=960

[4] https://oil.gov.iq/?page=967

[5] https://oil.gov.iq/?page=973

[6] https://oil.gov.iq/?page=979

[7] https://oil.gov.iq/?page=1021

[8] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0705202217

[9] https://oil.gov.iq/?page=1028

[10] https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/200520223